ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## گۆڕینی ram. Rm بۆ wave. mp3 لەپرۆگرامی Wavepad.

نووسەر: :@

گۆڕینی ram. Rm بۆ wave. mp3 لەپرۆگرامی Wavepad.
دیارە لەم بوارەدا بەرنامە زۆرن کە بەم کارە هەڵدەستن بەڵام لەرێگای کۆنفێرتەوە ، کەزۆر جار ئەو گۆرانیانە یان ئەو دەنگانە کلیل کراون بۆیە گۆڕینەکە سەرکەوتوو نابێت.
بەڵام لەرێگای ئەم پرۆگرامەوە دەتوانرێت ئەو دەنگانە کە کاتێک لەگەڵ ئەنتەرنێت دا بەستراوی بەرێگای گوێگرتن وتۆمارکردن لەرێگای ئەم پرۆگرامەوە زۆر بەخاوێنی وبەبێ خەوش بە واتایەکی تر لەناوخۆیدا تۆماری دەکات دوای ئەوە دەست بەگۆڕانکاریەکان دەکرێت. باقۆڵی لێ هەڵکەین بزانین چەند ئاسان و رێک ئەو کارە دەکات.
ناوی پرۆگرام wavepad.
داگرتن وبەستەری کۆمپانیاکە http://www.nch.com.au/index.html
پێش هەموو شتێک، ئەو گۆرانیەی دەتەوێت ئەو گۆڕانەی بەسەر بێنی بڕۆ بۆ وێبگەکەی کرتەی لای ڕاستی مشکەکەت بکەو save traget as بەئەڵمانی ziel speichern unter.
لەشوێنێکی دیاریکراو پاشەکەوتی بکە.




ئێستا برۆ پرۆگرامەکە بکەوە.



پاشان،




1.دەچین ئەوەی پاشەکەوتمان کردوە لەپرۆگرامەکە دەیکەینەوە.




کەمێک ئارام بگرە تا کۆتای بە تۆمارکردنی دێت لەڕێگای هێڵی ئینتەرنێتەوە.



2.کرته لەسەر ڕاگرتن بکە تا کو ناخۆشی نەکردوی.
ئێستا ئێمە گۆرانیەکەمان لەپرۆگرامەکە تۆمار کردوە.




ئەچین بۆ file پاشان save file as هەڵدەبژێرین.




من بەباشی دەزانم دەنگەکە بکەم بەفۆڕماتی wave ، چونکە دوای زۆر ئاسانتر دەتوانی فۆڕماتی پەڕگەکە بگۆری بۆ فۆرماتی جیا جیا . هەرچەندە دەتوانی بە فۆڕماتی تریش بکەیت.
کەکرتەمان لەسەر پاشەکەوت کردن کرد save ئەڵمانی speichern.
پەڕەیەکی تر دەکرێتەوە بەم شێوەیە.



دەتوانی هەڵبژاردنی جۆری پەڕگەکان بکەیت.




ماوەیەکی پێدەچێت بەگوێرەی گەورەی ئەو دەنگەی تۆ دەتەوێت، دوای ئەوە تەماشا بکە بەجوانترین شێوە هەڵساوە بەم کارە بە تێکەڵ بوونی هیچ دەنگێک لەگەڵیدا، کە نارەحەتت بکات.

بەهیوای ئەوەی مەبەستم پێکا بێت.

بە هیوای سەرکەوتن لە بەکارهێنانی پرۆگرامەکەدا.

---

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت